# ظاهرة الهجرة في المناطق الكردية، وكتاب شرفنامه نموذجاً

سهند عبد الستار مصطفى
الجامعة: سوران – كلية الآداب
sahand.mustafa@soran.edu.iq
سامان عثمان عالي
الجامعة: سوران – كلية الآداب
Saman.alee@soran.edu.iq
فرهنك نوري محمود
الجامعة: سوران – كلية الآداب
farhang.mahmood@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** شرف خان، شرفنامة، الهجرة، المناطق الكردية، تأثيرات وتداعيات الهجرة.

**كيفية اقتباس البحث**

مصطفى , سهند عبد الستار , سامان عثمان عالي , فرهنك نوري محمود , ظاهرة الهجرة في المناطق الكردية، وكتاب شرفنامه كمثال, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، اذار ٢٠٢٦,المجلد:١٦ ,العدد:٣ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Phenomenon of Migration and Settlement in Kurdish Regions: The Sharafnama as a Case Study

**Sahand Abdul Sattar Mustafa**
**University: Soran - Faculty of Arts**

**Saman Osman Ali**
**University: Soran - Faculty of Arts**

**Farhang Noori Mahmoud**
**University: Soran - Faculty of Arts**

**Keywords** : **Sharafkhan, Sharafnama, Migration, Kurdish regions, Impact and consequences of migration.**

**How To Cite This Article**
Mustafa , Sahand Abdul Satar , Saman Osman Ali , Farhank Noori Mahmoud , The Phenomenon of Migration and Settlement in Kurdish Regions: The Sharafnama as a Case Study , Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
Sharafkhan, as the first Kurdish historian, addressed the phenomenon of migration throughout the stages of Kurdish history and within Kurdish regions. Migration, in both its forced and voluntary forms and encompassing both departure and settlement, has been a fundamental aspect of human history dating back to primitive eras. Fundamentally, human existence is viewed as incomplete, and migration has always been regarded as a necessary step and a solution to fulfill life's imperfections.

Various factors and drivers serve as catalysts for migration, including environmental conditions, natural disasters, the search for food sources, territorial expansion, trade, conquest, and cultural exchange. In his seminal work, the Sharafnama, Sharafkhan indirectly highlights the

processes of "emigration from" and "immigration to" Kurdish regions across several contexts. Furthermore, he outlines numerous reasons linked to both categories of drivers: push factors (such as poverty, war, isolation, or resource scarcity) and pull factors (such as economic necessity, political stability, or improved living conditions).

Migration patterns and the development of societies and cultures throughout historical stages have been significant factors in the dispersion of races across diverse geographical areas. Over time, migration has become increasingly complex and multifaceted, a phenomenon alluded to by Sharafkhan. In general, the history of human migration serves as a major driver of change and a reflection of human creativity, adaptation, and resilience in the face of evolving circumstances and opportunities. This study consists of an introduction and three main sections.

الملخص:

أشار شرف خان، بصفته أول مؤرخ كردي، إلى ظاهرة الهجرة في مراحل التاريخ الكردي وفي المناطق الكردية. وتعد الهجرة، بشقيها القسري والطوعي وبنوعيها (المغادرة والاستيطان)، جانباً أساسياً من تاريخ البشرية يعود إلى العصور الأولى. ففي الجوهر، يُنظر إلى الوجود البشري كوجودٍ غير مكتمل، ولطالما اعتبرت الهجرة خطوة ضرورية وحلاً لإكمال نواقص الحياة البشرية.

ثمة مجموعة متنوعة من الأسباب والدوافع للهجرة، مثل: العوامل البيئية، الكوارث الطبيعية، البحث عن مصادر الغذاء، التوسع الإقليمي، التجارة، الغزو، والتبادل الثقافي. وقد أشار شرف خان في كتابه (شرفنامة) بشكل غير مباشر وفي محطات عدة إلى عمليتي "الهجرة من" و"الهجرة إلى" المناطق الكردية؛ كما استعرض أسباباً عدة ترتبط بنوعي الدوافع: عوامل الطرد (مثل الفقر، الحرب، العزلة، أو شح الموارد)، وعوامل الجذب (مثل الحاجة الاقتصادية، الاستقرار السياسي، أو تحسن الظروف المعيشية).

لقد كانت أنماط الهجرة وتطور المجتمعات والثقافات عبر مراحل التاريخ عاملاً مهماً في انتشار الأجناس عبر مناطق جغرافية مختلفة. وبمرور الوقت، أصبحت الهجرة أكثر تعقيداً وتنوعاً، وهو ما ألمح إليه شرف خان في طيات كتابه. بشكل عام، يعد تاريخ الهجرة محركاً رئيسياً للتغيير وانعكاساً للإبداع البشري، والتكيف، والصمود في ظل تبدل الظروف والفرص.
تتألف هذه الدراسة من مدخل وثلاثة مباحث رئيسية.

## دیاردەی کۆچ و کۆچ بۆکردن لە ناوچە کوردنیشینەکان، پەرتووکی شەرەفنامە وەک نموونە

توێژەر: سهند عبدالستار مستەفا
زانکۆ: سۆران-فاکەڵتی ئاداب
sahand.mustafa@soran.edu.iq

توێژەر: سامان عوسمان عالی
زانکۆ: سۆران-فاکەڵتی ئاداب
Saman.alee@soran.edu.iq

توێژەر: فەرهەنگ نوری مەحمود
زانکۆ: سۆران-فاکەڵتی ئاداب
farhang.mahmood@soran.edu.iq

پوختە:
شەرەفخان، وەک یەکەمین مێژوونووسی کورد، لە قۆناغەکانی مێژووی کورد و لە ناوچە کوردنیشینەکاندا ئاماژەی بە دیاردەی کۆچکردن کردووە. کۆچ، بە هەردوو شێوەی ناچاری و ئارەزوومەندانە و بە هەردوو جۆری (ڕۆیشتن، دەرکردن و نیشتەجێبوون)، لایەنێکی بنەڕەتیی مێژووی مرۆڤایەتییە کە مێژووەکەی بۆ سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە. لە بنەڕەتدا، ژیانی مرۆڤ بوونێکی ناتەواوە و هەمیشە بۆ تەواوکردنی ناتەواوییەکانی ژیانی خۆی، کۆچی وەک هەنگاوێکی گرنگی ناچاری و وەک چارەسەرێک بینیوە.
هۆکارە ژینگەییەکان، کارەساتە سروشتییەکان، گەڕان بەدوای سەرچاوەی خۆراک، فراوانکردنی خاکەکان، بازرگانی، داگیرکاری و ئاڵوگۆڕی کولتووری، وەک کۆمەڵێک هۆکار و پاڵنەری جۆراوجۆر بۆ کۆچکردن هەن. شەرەفخان لە پەرتووکی (شەرەفنامە)دا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە چەندین وێستگەدا ئاماژەیەکی گرنگی بە پرۆسەی "کۆچ لێکردن" و "کۆچبۆکردن" لە ناوچە کوردنیشینەکاندا کردووە؛ هەروەها چەندین هۆکاری بۆ کۆچی مرۆڤەکان، کە بە هەردوو جۆری پاڵنەرەکانەوە پەیوەستن، وەک: هەژاری، شەڕ، گۆشەگیری، یان کەمیی سەرچاوەکان؛ هەروەها هۆکارەکانی ڕاکێشان، وەک: پێویستیی ئابووری، سەقامگیریی سیاسی، یان باشتربوونی بارودۆخی ژیان، خستووەتەڕوو.
شێوازەکانی کۆچکردن و گەشەی کۆمەڵگە و کولتوورەکان لە قۆناغەکانی مێژوودا، وەک هۆکارێکی گرنگ بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕەگەزەکان لە ناوچە جوگرافییە جیاوازەکاندا. بە تێپەڕبوونی کات، کۆچکردن ئاڵۆزتر و هەمەچەشنتر بووە و شەرەفخان ئاماژەی بەم دیاردەیە کردووە. بە گشتی، مێژووی کۆچی مرۆڤ بزوێنەرێکی گرنگی گۆڕانکارییەکان و لە بەرامبەر گۆڕانی بارودۆخ و دەرفەتەکاندا ڕەنگدانەوەی داهێنەری و خۆگونجاندن و خۆڕاگریی مرۆڤ نیشان دەدات. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دەروازەیەک و سێ باسی سەرەکی پێکدێت.

کلیلەوشەکان: شەرەفخان، شەرەفنامە، کۆچ، ناوچە کوردنیشینەکان، کاریگەری و لێکەوتەکانی کۆچ.

**پێشەکی:**

دیاردەی کۆچ، یەکێکە لە کۆنترین و کاریگەرترین دیاردە مرۆییەکان کە بە درێژایی مێژوو نەخشەی دیمۆگرافی، سیاسی و کولتووریی جیهانی گۆڕیوە. مرۆڤ لە سەرەتای بوونیەوە، چ بە هۆکاری ناچاری یان ئارەزوومەندانە، هەمیشە لە جووڵەدا بووە. ئەم جووڵەیە تەنها گواستنەوەیەکی جەستەیی نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزی گواستنەوەی کولتوور، زمان و ئەزموونە مرۆییەکان بووە، کە کاریگەریی قووڵی لەسەر ناوچە "کۆچلێکراو" و "کۆچبۆکراو"ەکان بەجێ هێشتووە.

لەم چوارچێوەیەدا، مێژووی کورد و ناوچە کوردنیشینەکان بەهۆی پێگە ستراتیژییەکەیەوە، هەمیشە وێستگەیەکی سەرەکیی ئەم دیاردەیە بوون. شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣-١٦٠٤ز) وەک یەکەمین مێژوونووسی کورد، کە بە دیدێکی ورد مێژووی گەلەکەی لە (شەرەفنامە)دا کۆکردووەتەوە، بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگی بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی کۆچ لە ناوچەکەدا پێشکەش کردووە. بەپێی تێگەیشتنی شەرەفخان، کۆچەکان لە زۆربەی کاتەکاندا لەسەر ویستی مرۆڤی کورد خۆی نەبوون. ئەمەش وادەکات بزانین (شەرەفنامە) تەنها گێڕانەوەی مێژووی میرنشینەکان نییە، بەڵکو ئاوێنەیەکە کە تێیدا ڕەنگدانەوەی دەیان پرسی تری تایبەت بە مێژوو، کۆمەڵگا، مرۆڤی کورد و پرسە هەمەلایەنەکان دەبینرێت؛ یەکێک لەو دیاردانەش، کۆچکردنی هۆزەکان و جێگۆڕکێی دانیشتووانە بەهۆی ململانێی ئیمپراتۆرییەکان و هێزە سەردەستەکانەوە.

ئەم توێژینەوەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، پەنای بۆ میتۆدی (وەسفی-شیکاری) بردووە؛ بە جۆرێک کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقەکانی (شەرەفنامە)وە، تیشک دەخاتە سەر دیاردەی کۆچ و ئەو پاڵنەرانەی کە لە ناوچە کوردنیشینەکاندا بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم دیاردەیە. توێژینەوەکە بەسەر دەروازەیەک و سێ باسی سەرەکیدا دابەش کراوە؛ لە دەروازەکەدا فەلسەفەی کۆچ لە مێژوودا باس دەکرێت. لە باسی یەکەمدا، هۆکارەکانی کۆچ لە ناوچە کوردنیشینەکان دەخەینە ڕوو. لە باسی دووەمدا، تیشک دەخەینە سەر پاڵنەرەکانی "کۆچبۆکردن" و لە باسی سێیەمدا، کاریگەرییەکانی کۆچ دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە کۆتاییشدا، گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە.

**دەروازە: چەمک و مێژووی دیاریدەی کۆچ**

کۆچکردن یەکێکە لە دیاردە بنەڕەتییەکانی مێژووی شارستانیەت و ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتنەوەی نەخشەی کولتووری و سیاسیی جیهاندا دەگێڕێت. لە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، ڕەگەزە جیاوازەکان بە هۆکاری جۆراوجۆر کۆچیان کردووە؛ ئەم جووڵەیەش بۆتە هۆی دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵگە مرۆییەکان. لە ڕووی زمانەوانییەوە، وشەی (کۆچ) لە زمانی کوردیدا، دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕێگەی زیادکردنی پێشگر، پاشگر، یان پێکهاتەی لێکدراوەوە بەسەریدا دێت، مانای جیاواز وەردەگرێت، وەک: (کۆچ، کۆچەر، کۆچەراتی، کۆچەری، کۆچبار)، کە هەریەکەیان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکار دێن (شەرەفکەندی، ١٣٨٤: ٦٢٦-٦٢٧؛ خاڵ، ٢٠٠٥: ٣٦٤/٢؛ **پیندۆری**، ٢٠١٢: ٣٦٨). لە زمانی عەرەبیشدا، وشەی (الهجرة) یان (الهجر) بەکار دێت؛ کە یەکەمیان پێچەوانەی پەیوەستبوونە، هەروەها (الهجران)یش بە هەمان واتایە (ابن فارس، ٢٠٠٢: ٢٥/٦). (هجرة، هجرا و هجران) بە واتای بەجێهێشتن، پچڕاندن، یان دوورکەوتنەوە دێت (الفيروزآبادي، ٢٠٠٥: ٤٩٥).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لە ڕووی مێژووییەوە، کۆچە مەزنەکان شێوازی نوێی ڕاوکردن، ئامێری بەردین و زمانی پێشکەوتوویان لەگەڵ خۆیاندا گواستووەتەوە. لە کۆچی مرۆڤی دێریندا، ژینگەی نوێ پێویستی بە چارەسەری نوێ هەبووە. بۆ نموونە، کۆچی کۆمەڵگە ڕاوچییەکان بەرەو ژیانی جێگیر و کشتوکاڵی، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی مرۆڤدا دروست کرد. لە ڕاستیدا، ئەمە کۆچێکی کولتووری بوو لە شێوازی ژیانێکەوە بۆ شێوازێکی تر، کە بووە بنەمای دامەزراندنی یەکەمین شارستانیەتەکان. ئەم گۆڕانکارییە، توانای ئابووری و سەربازیی بەهێزی بەخشییە ئەو کۆمەڵگانە و دواتر بووە هۆی باڵادەستییان بەسەر ئەوانی تردا (دیورانت، ٢٠٠٧: ١٩-٢٣).

لە سەردەمی کۆن و ناوەڕاستدا، جووڵەی گەلان و ئیمپراتۆرییەکان یەکێک بوو لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مێژوو. ئەم کۆچانە زۆرجار بە هێزی سەربازی و دەسەڵاتی سیاسییەوە گرێ درابوون، کە دابەشبوونی نایەکسانی دەسەڵات، سامان و زانیارییان لێ کەوتووەتەوە. لە سەردەمی نوێشدا، سیستەمی ئابووری، کولتووری و سیاسیی جیهانی ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردەیەی تێدا بەدی دەکرێت. کۆچ وەک هێزێکی داینەمیکی لە مێژوودا بەردەوامە؛ جەنگەکان، گۆڕانی کەشوهەوا و نایەکسانیی ئابووری، خەڵکێکی زۆریٔ ناچار کردووە کە وڵاتەکانیان بەجێ بهێڵن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦: ٢/٢٥، ٢٧٦؛ هانتینگتۆن، ب.س: ٣٠، ٤٨، ٦٤، ٦٨). ئەمەش نەک تەنها قەیرانی مرۆیی دروست دەکات، بەڵکو پرسیاری بنەڕەتی دەربارەی ناسنامەی نیشتمانی، مافی پەنابەری و پێکهاتەی کۆمەڵگەی فرەکولتوور دەخاتە ڕوو. شارستانیەتە هاوچەرخەکان ئێستا ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییە دەبنەوە کە چۆن کۆچبەران بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و مرۆڤانە لەخۆ بگرن، لە کاتێکدا ناسنامە و کولتوورە نیشتمانییەکانی خۆشیان بپارێزن (هانتینگتۆن، ب.س: ٧٠، ٩٨، ١٣٠).

کۆچ تەنها جووڵەیەکی جوگرافی نییە، بەڵکو پرۆسەی ململانێیەکی سروشتییە کە مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و مێژووی خۆیدا ئەنجامی دەدات. لە مێژووی دێرینەوە، مرۆڤەکان بە دوای خۆراک، ئاو و شوێنێکی گونجاودا کۆچیان کردووە (مشاور و شنافي، ب.س: ١٩٥). ئەم جووڵانە تێگەیشتنەکانی مرۆڤیان دەوڵەمەند کرد و توانای خۆناسینەوەی زیاتریان پێ بەخشی؛ چونکە کۆچ بەشێک بووە لە پێشکەوتنی مێژوویی و گەشەکردنی هۆشیاریی مرۆڤ. مرۆڤ لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی سروشت، کەمیی سەرچاوەی خۆراک و نالەباریی کەشوهەوا، هەوڵی چارەسەری داوە و کۆچی وەک یەکێک لە بەهێزترین بژاردەکان هەڵبژاردووە. لێرەوە کۆچ وەک تێگەیشتنێک بۆ دۆخی مرۆڤ لە مێژوودا سەیر دەکرێت (بن النوي، ب.س: ١٢١).

مرۆڤی کۆچبەر هەمیشە لە نێوان دوو شوێنی جوگرافی، دوو کولتوور و دوو ناسنامەدا "هەڵواسراوە"؛ ئەم دۆخە کەسایەتیی مرۆڤ بەردەوام لە نێوان "لێرە" و "لەوێ"دا دابەش دەکات. کۆچ پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە دەسەڵات، دادپەروەری و مافی مرۆڤەوە هەیە؛ چونکە مرۆڤ بەبێ هاووڵاتیبوون و ماف، لە زۆربەی ئیمتیازەکان بێبەش دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، کۆچ پرسیاری جددی دەربارەی سنوورەکانی کۆمەڵگە و ناسنامەی نیشتمانی دەخاتە ڕوو. وەک ئامرازێکی شرۆڤەکاریی مێژوویی، کۆچ ڕۆڵێکی گرنگ لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ سروشتی مرۆڤایەتی دەگێڕێت (جەبار، ٢٠٠١: ٢٠، ٤٤).

لە ئەنجامدا، کۆچ هەم وەک دیاردەیەکی دەرەکی و هەم وەک ئەزموونێکی ناوەکی، ڕەنگدانەوەی ئەو گەڕانە هەتاهەتاییەیە کە مرۆڤ بەدوای مانا، سەقامگیری و خۆناسیندا دەیکات. ئەم دیاردەیە یارمەتیمان دەدات تێبگەین کە چۆن ناسنامە، شوێن و مێژوو بە

شێوەیەکی هەمیشە گۆڕاو لەلایەن مرۆڤەوە بەرهەم دێن و دووبارە بەرهەم دەهێنرێنەوە. تێگەیشتن لە کۆچ نەک تەنها لە ڕووی مێژووییەوە گرنگە، بەڵکو بۆ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییە ئەخلاقی و سیاسییەکانی هەموو سەردەمەکان پێویستە، تا مرۆڤ لە گۆڕانی سروشتی مرۆڤایەتی تێبگات
(IOM,2024:4, Tataru, 2019: 16).

**باسی یەکەم: هۆکارەکانی کۆچ لە ناوچە کوردنشینەکاندا**

کۆچکردن چالاکییەکی سروشتیی مرۆییە؛ دیاردەیەکی دێرینە و بە درێژایی سەردەمە مێژووییەکان لە کۆمەڵگە مرۆییە جیاوازەکانی جیهاندا بەردەوام بووە. کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، زانستی و سەلامەتی ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەدا هەبووە. هەندێک جار شەڕی ناوخۆیی، ململانێی تایفی، کردەوەی تیرۆریستی، چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری، لە پاڵ هۆکارە ژینگەییەکان و ڕووداوە سروشتییە نەخوازراوەکاندا، وایان لە مرۆڤەکان کردووە پەنا بۆ کۆچکردن ببەن (جمال الدین، ٢٠٢١: ١٦٦). کاتێک کۆچبەری دەبێتە پرسێکی سیاسیی بەرچاو، دەتوانێت کاریگەریی بەسەر سیاسەتی گشتیدا هەبێت.(Hangartner, 2023: 3)

کۆچکردن هەر لە سەرەتاوە بەشێکی مێژووی مرۆڤایەتی بووە و بە هەموو جۆرەکانییەوە کاریگەریی بەسەر هەموو وڵاتاندا جێ هێشتووە؛ لە ڕابردوودا زۆرینەی جۆرەکانی کۆچکردن، سەقامگیریی هەمیشەیی و درێژخایەنی لەخۆ گرتووە .(Blazhevska, 2017: 50) ئاسایش و سەلامەتی کە پەیوەندیی بە ژیان و مردنی تاکەکانەوە هەیە، گرنگترین هۆکاری بڕیاردانن بۆ کۆچکردن؛ چونکە چەوساندنەوە و جیاکاری لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و بیروباوەڕی سیاسی، خەڵک ناچار دەکات پەنا بۆ ناوچە پارێزراوەکان ببەن (Tataru, 2019: 22).

وڵاتی کوردانیش هەموو ئەو هۆکارانەی بە کەم و زۆر لەخۆ گرتووە. یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆچ لە خاکی کورداندا، ناسەقامگیریی سیاسی بووە کە لە ئەنجامی ململانێی نێوان ئیمپراتۆرییە بەهێزەکانی وەک عوسمانی و سەفەوی سەری هەڵدا. ناوچە کوردنشینەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بوونەتە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی ئەم هێزانە، کە ئەمەش گەلی کورد و دانیشتووانی تری ناوچەکەی ناچار کردووە بەدوای ئاسایش و پاراستنی ژیانیاندا بگەڕێن. ئەم دۆخە تەنها بەربەستێک نییە، بەڵکو دەبێتە بنەمایەک بۆ شێوەپێدانی "نەمانی هەستی دڵنیایی" لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا. شەڕ و ململانێکان ماوەیەکی دیاریکراویان نەبووە و ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە دروستکردنی دۆخێکدا کە تێیدا کۆچ دەبێتە چارەسەرێکی کاتی یان درێژخایەن بۆ دەرچوون لە ناوچە شەڕەنگێزەکان.شەرەفخان نموونەی کۆچکردنی بەهۆی بارودۆخی سیاسی و فشاری لایەنگرانی دەوڵەتە بەهێزەکانەوە تۆمار کردووە؛ بۆ نموونە: مەئموون بەگی کوڕی بێگە بەگ، کاتێک بووە فەرمانڕەوای میرنشینی ئەردەلان، ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕی بەهۆی فشاری عوسمانییەکان و میر حوسێنی میری بادینانەوە، هێرش و پەلامارێکی گەورەی دەکرێتە سەر و لە قەڵاکەی دەردەکرێت؛ پاشان میر مەئموون بەگ دەنێردرێتە دەوڵەتی عوسمانی (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ١٣٤-١٣٥).

هەروەها حاجی ڕۆستەم بەگێک کە ماوەیەک میری چەمشکەزەک بووە لە دەوروبەری ساڵانی ١٥١٤-١٥١٦ز، لەدوای شکانی شا ئیسماعیل لە جەنگی چاڵدێراندا لە ساڵی ١٥١٤ز، بە تکا و ڕەجا خۆی دەخاتە بەرپێی سوڵتان سەلیمی عوسمانی، بەڵام ئەو لێی خۆش نابێت و لەگەڵ چل کەسی دیکەدا سەری دەبڕدرێت. ئەو ململانێیە و لایەنگیریی ئەو دوو هێزە، خەڵکی زۆری تووشی کۆچکردن کردووە، یانیش سەریان تێدا چووە؛ بەو ناوەی کاتێک هێزی سەفەوی هاتووە بۆ وڵاتەکەی، بێ شەڕ و شۆڕ دایە دەست نوور عەلی، سەرکردەی سوپای سەفەوی و خۆیشی ڕووی کردە بارەگای شا ئیسماعیل؛ ئەوانیش پارچە زەوییەکیان لە عێراق پێ بەخشی. ئەم بارودۆخە ناهەموارەی ململانێی نێوان ئەم دوو زلهێزە، وای کردووە کۆچکردن بژاردەیەکی سەرەکی بێت (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٢٦-٢٢٧).

لەو ڕۆژگارەشدا کە وڵاتی سۆران لەژێر دەستی داسنییەکاندا بوو، شاقولی بەگی کوڕی سلێمان بەگ چەند جارێک ڕووبەڕوویان دەبووەوە بەڵام شکستی دەهێنا و ناچار بوو باروبنەی بپێچێتەوە و لە کوردستان ئاوارە بێت؛ ئەو ڕووی کردە دەرگای شا تەهماسپ و ئاوارەی ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان بوو. بەهۆی ئەو زوڵم و زۆرەی کە داسنییەکان لە دانیشتووانی سۆرانیان دەکرد، خەڵکی میرنشینی سۆران( ١٣٩٩-١٨٥٦ز)چەقۆیان گەیشتە ئێسقان"، بۆیە بەدوای قولی بەگیاندا ناردەوە. ئەویش داوای لە دەرباری عوسمانی کرد کە پلە و پایەی باب و باپیرانی پێ ببەخشێتەوە، بەڵام ئەوان باوەڕیان پێ نەکرد و دووریان خستەوە بۆ سەماواتی سەر بە بەسرە و وەک "سەنجەق" پێیان بەخشی (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٣٤٤). جگە لە ململانێی ئەم دوو هێزە، ئێرەیی سیاسیی ناوخۆیی هۆیەکی دی بووە بۆ کۆچکردن؛ نەمانی کەسی دەسەڵاتدار لەناو زەنگەنەکاندا وای کرد کە هۆزەکە بڵاو ببنەوە و بوونە خزمەتکاری قزڵباشان و چوون بۆ عێراق و خۆراسان (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٤٣٤).

کێشەی کۆمەڵایەتی وەک هۆکارێک بۆ دیاردەی کۆچکردن ڕۆڵی هەبووە: ململانێ و ڕکابەریی خانەوادە دەسەڵاتدارەکان و میرە کوردەکان لەسەر دەسەڵات، هۆکارێکی گرنگی کۆچکردن بووە، کە تێیدا کەسێکیان ئاوارە دەبوو و کۆچی دەکرد یان پەنای بۆ پاشا و میرەکانی دیکە دەبرد؛ بۆ نموونە بەهۆی کوشتنی کەسێکەوە، ئەسەدەدین شێرکۆ تکریت جێ دەهێڵن بەرەو مووسڵ، پاشان شام و لە کۆتاییشدا لە میسر گیرسانەوە و دەوڵەتی ئەییوبییان دامەزراند لە (٥٦٧ک/ ١١٧١ز) (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٨٧). هەروەها ململانێی نێوان باوک و کوڕ لەسەر دەسەڵاتی میرنشینی هەکاری (شەنبۆ)؛ زەینەڵ بەگ لەگەڵ نەیاری باوکی خۆی مەحموود ئاغای سەلبی کە سەرداری قەڵایەک بوو ڕێککەوت و بڕیاری کوشتن یان کوێرکردنی باوکی دا، بەڵام مامی پێی زانی و ئەویش پەنای بۆ شا تەهماسپ برد و کۆچی وڵاتی سەفەویی کرد (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ١٥١). هەروەها سەید محەمەد بەگ لەگەڵ زەینەڵ بەگی برازای نێوانیان خۆش نەبوو و هەمیشە لە ڕکابەریدا بوون، بۆیە سەید محەمەد لەگەڵ هۆزی پنیاشی ڕێککەوت و زەینەڵ بەگ ناچار وڵاتی جێ هێشت (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ١٥٢).

ململانێی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی نێوان خێڵ و هۆزەکان کاریگەریی گەورەی لەسەر کۆچ هەبووە. سیستەمی خێڵایەتی و هۆزایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆڵێکی دووانەی لە کۆچدا گێڕاوە؛ لە لایەکەوە، بەستنەوەی خێڵایەتی و پابەندبوون بە سنوورە جوگرافی و کۆمەڵایەتییەکان، کۆچی سنووردار دەکرد و خەڵکی بەستبووەوە بە زەوی و شوێنی باب و باپیرانیانەوە. لە لایەکی تریشەوە، کێشە ناوخۆییەکانی نێوان هۆزەکان، خوێن و تۆڵە و ململانێی سەر زەوی و سەرچاوە ئاوییەکان، وای لە هۆزەکان کردووە ناوچەی نیشتەجێبوونیان بگۆڕن و

لە شوێنێکی نوێدا ژیانیان دەست پێ بکەنەوە. خێڵ و هۆز هەم وەک هێزێکی پارێزەر و هەم وەک هێزێکی کۆچی بەکۆمەڵ، کە بە شێوەی هۆز ئەنجام دەدرا، ڕۆڵیان هەبووە. ئەم نموونەیەی کۆچ لە گێڕانەوەی شەرەفخاندا بەڕوونی ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە کە باری کۆمەڵایەتی و کێشەی نێوان خێڵەکان یەکێک بووە لە هۆکارەکانی کۆچکردن. لە سەردەمی فەرمانڕەوایانی لوڕی بچووک و بە دیاریکراویش لە سەردەمی شوجاعەدین کوڕی خورشید، بەهۆی کوژرانی حەیدەری کوڕی شوجاعەدین لە قەڵای ڕەشیان بە دەستی هۆزی جەنگرووی، میر شوجاعەدین زۆر کاریگەر دەبێت و بڕیار دەدات کە نابێت کەس لەم هۆزە بە زیندوویی بمێنێت. ئەم هەڕەشەیە وای کرد هەموو خەڵکی ئەو ناوچەکە بەجارێک لە ژیان بێزار بن و هەر کەسێک بارگەی تێکنا و بەیەکجاری و بەزۆری ئەو ناوچەیەیان جێ هێشت و چیتر ئاوڕیان لەو ناوچەیە نەدایەوە و نەگەڕانەوە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٥٨).

یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، هۆکاری ئابوورییە. لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەهۆی کۆمەڵێک گۆڕانکاری و لە سەرووی هەموویانەوە گۆڕانکارییە سیاسییەکان، بەگوێرەی تێگەیشتن و تۆمارەکانی شەرەفخان، پاڵنەری گەورەی کۆچ بوون. لەم چوارچێوەیەدا، کۆچ دەبێتە ستراتیژییەکی گرنگی وەدەستخستنی زەوی نوێ بۆ کەسە دەسەڵاتدارەکان، کە تاکەکانی هۆزەکە و خێزانەکان بەدوایدا دەگەڕێن بۆ دۆزینەوە و مسۆگەرکردنی سەرچاوەی پێویستییە ئابوورییەکان؛ چونکە هۆکارە ئابوورییەکان پاڵ بە مرۆڤەکانەوە دەنێن بەهۆی دۆخێکی ئابووریی نالەبار، بێکاری و نەبوونی هەلی کاری زۆرتر و هەمەجۆرتر، لە ناوچە هەژارەکانەوە بۆ ناوچەیەکی تر کۆچ بکەن. (Tataru, 2019: 22) هۆکاری ئابووری لەپێناو ژیانێکی شایستە و گەشەسەندنی مرۆڤەکاندایە لە ڕێگەی ئەم کۆچکردنەوە چەندین شارستانیەتی مرۆڤایەتی بنیاد نراوە (شعبان، ب.س: ٤)؛ هۆکاری ئابووری، کاریگەریی نەرێنیی کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئەمنی لە کۆمەڵگەدا بەجێ دەهێڵێت (شعبان، ب.س: ٧).

ئەگەر سەیری تۆمارەکانی شەرەفخان بکەین، پرسی ئابووری ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە کۆچدا؛ بۆ نموونە لە باسی فەرمانڕەوایانی ئەیوبیدا، شەرەفخان تیشکی خستووەتە سەر هۆکاری کۆچی شادی کوڕی مەروان، کە گوایە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی سوڵتان مەسعوود(٥٤٧ک/١١٥٢ز) سەلجووقیدا، یەکێک لە کاربەدەستەکان بەڕێوەبردنی قەڵای تکریت دەبەخشێت بە شادی، باپیرە گەورەی ئەیوبییەکان؛ بەم هۆیەوە لە ئازەربایجانەوە کۆچ دەکەن بۆ قەڵای تکریت. کەواتە ئەگەر ئابووریی وڵاتی خۆیان پێویستیی ئابووریی ئەوانی دابین نەکردایە، ئەوا بە خانەوادەوە کۆچیان نەدەکرد بۆ تکریت (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٨٥-٨٦). هەروەها هۆزی مەحموودییەکان سەر بە پاشایانی مەروانی یان میرانی جەزیرەن، ڕۆژگارێک لە سەردەمی قەرەقۆینلوودا لە شام یان لە جەزیرەوە بە هۆز و خزمانیانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئازەربایجان و لەلایەن قەرەیوسفی تورکمانییەوە لە قەڵای ئاشووت نیشتەجێ کراون. لەبەر لێهاتوویی شێخ مەحموود، قەرەیوسفی تورکمانی ناوچەی ئاشووت و خۆشابی پێ بەخشین؛ ئەم زەوی پێبەخشینە هۆکارێکی گرنگی کۆچی هۆزەکان بووە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٣٨٤). سەبارەت بە کوردی ئێران، کاتی خۆی لە مەڵبەندی لوڕستاندا یان لە وڵاتی گۆراندا لە زێدی خۆیان پەرتەوازە بوون و بەرەو عەجەمستان هاتوون و بە ئاواتی پلە و پایە هاتوونەتە ژێر سایەی شایانی ئێران (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٤٢٧).

لە باسکردنی فەرمانڕەوایانی عیتاقدا، خانەدانی ئەحمەد بەگی زەرق کە لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی کوردستانن و هاوزەمانی شا ئیسماعیل فەرمانڕەوا بوون، کاتێک دیاربەکر دەکەوێتە دەستی شا ئیسماعیل، ئیتر عیتاق لە ئەحمەد بەگ دەسەنرێت و دەدرێتە هۆزی قاجار، لەو کاتەدا زەرقییەکان بە ناوچەکەدا بڵاو دەبنەوە و لە بارودۆخێکی خراپدا دەبن، بەڵام پاش شکانی شا ئیسماعیل لە چاڵدێراندا، کوردەکان دەکەونە خۆیان بۆ ئەوەی ناوچەکانی خۆیان وەربگرنەوە. لەو زستانەدا خۆیان دەخەنە ناو قەڵای مەڵخەوە؛ قاجارەکان کە لەناو قەڵای عیتاق بوون کە دەکەوێتە ناوچەی دیاربەکر ویستیان دەریان بکەن، بەڵام ئەوان داوایان کرد لێمان بگەڕێن با ئەو زستانە لێرە بەسەر ببەین چونکە هۆزی مەرداسی دوژمنمانن و دێنە سەرمان. ئەوانیش لێیان گەڕان. کە زانیان قاجارەکان نایەنە سەریان، دەستیان بە ئامادەکاری کرد و توانیان لە شەوێکدا هێرش بکەنە سەر قەڵای عیتاق و قاجارەکانیان لێ وەدەرنا، زۆریان لێ کوشتن و توانیان قەڵاکەیان وەربگرنەوە و ئەحمەد بەگیان کردەوە گەورەی خۆیان. ئەم گێڕانەوەیەی شەرەفخان دەیسەلمێنێت کە کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەند بووە و هۆزی تر جیا لە هۆزی کوردیش هاتوون بەهۆی تەماحی ئابووری و بە پاڵپشتیی سیاسی، کوردیان لە خاکی خۆیان تووشی ئاوارەیی، کۆچ و ماڵوێرانی کردووە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٣٠٧-٣٠٨).

لە هەموو قۆناغێکی مێژوودا، ئایین تەنها باوەڕێکی تاکەکەسی نەبووە، بەڵکو هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بڕیاری کۆچکردن هەبووە. دابەشبوونی مەزهەبی لە نێوان سوننە و شیعە و کێشەکانی پەیوەست بە باوەڕە جیاوازەکان و ململانێی ئەم هێزانە لەسەر دەسەڵات، بەتایبەت لە سەردەمی ئیمپراتۆریی سەفەوی و عوسمانیدا، وای لە زۆر لە کۆمەڵگەکان کرد کە بەدوای ناوچەیەکدا بگەڕێن بۆ ئەوەی لەم ململانێیە دوور بن. هەروەها زۆرێکی تر بەهۆی ئەم لایەنگیری و هاوسۆزییە ئایینییەوە وای کردووە چەندین ناوچەیان پێ ببەخشرێت بە پاڵپشتیی یەکێک لەو زلهێزانە (ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت)، و خەڵکی ناوچەکەش تووشی کۆچکردن و دەربەدەری بن لەسەر ماڵ و مڵکیان (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٣٠٧-٣٠٨). هەروەها دەستپێکردن و پەیدابوونی بزووتنەوە سۆفیگەرییەکان و بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکان، هۆیەکی ترە بۆ کۆچ لە ناوچە کوردنشینەکاندا (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ١٦١).

لە قۆناغەکانی پێشوو و قۆناغە جیاوازەکاندا خەڵک بە هۆکاری ئایینی کۆچیان کردووە؛ بۆ نموونە گەورە میرانی کیلیس و لە نێویاندا مەندەشا، بە هۆکاری جەنگی خاچپەرستان کۆچیان بۆ میسر کردووە و دواتر ناوچەی ئەنتاکیایان پێ سپێردراوە و ئیتر نەگەڕاونەتەوە ناوچەکەی خۆیان (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٨). هەروەها ئەسەدەدین کوڕی گوڵاوی عیمادەدین کوردی لە میسر لە خزمەتی مەمالیکە چەرکەسەکاندا (١٣٨٢-١٥١٧ز)، لەگەڵ چەرکەسەکاندا ڕووبەڕووی دوژمنانی دینی خوا دەبێتەوە و لە شەڕێکدا دەستی دەپەڕێت. لەبەر ئازایەتی و قارەمانیەتی کە شەرەفخان وەسفی دەکات ("شێر لە هەر کوێیە، پەنجەی خۆی پێیە")، پاشای چەرکەسان دەستێکی زێڕی بۆ کڕیوە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ١٤٧).

کەواتە کۆچکردن گەلێک پاڵنەری کەسیشی لەدواوەیە؛ هەروەها ئەم قۆناغەش ڕۆڵ دەبینێت کە ئاخۆ کامە هۆکار سەرەکی بێت لە کۆچکردنی خەڵکیدا بەگشتی.

**باسی دووەم: پاڵنەرەکانی کۆچ بۆکردن**

کۆچ جووڵەی مرۆڤەکانە (Manning, 2013: 134) و لە هەموو سەردەمەکاندا بەشێک لە پرۆسەی فراوانخوازی و پڕکردنەوەی زەوییە نوێیەکان بووە، کە پاڵنەری سەرەکیی بریتی بووە لە

هەژاری و نەبوونی زەویی کشتوکاڵی (Hatton and Williamson, 2005: 54). سەدەکانی ناوەڕاست سەردەمی کۆچی بەکۆمەڵ بوون، چونکە مرۆڤەکان بە هۆز کۆچیان دەکرد (Hoerder, 2002: 380؛ شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٣٩٥-٣٩٦، ٤٢١، ٤٧١-٤٧٢، ٤٧٥). کۆچکردن دیاردەیەکی مێژوویی بەردەوامە و بەشێکی دانەبڕاوە لە گەشەسەندنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی (Goldin et al., 2011: 13). هەرچەندە پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی وەک گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتر و ئاسایش وەک خۆیان ماونەتەوە، بەڵام سروشت و شێوازی کۆچ لە نێوان قۆناغەکاندا گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەسەردا هاتووە (Held et al., 1999: 283). هیوا بۆ باشترکردنی ژیان، هۆکارێکی هەرسەرەکی بووە بۆ کۆچکردن بۆ هەرێمە کوردنشینەکان (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٤٢، ٢٩٩). لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە بابەتێکی گرنگە لە مێژووی شارستانیەتی کورد و ڕەگەزە دراوسێکانی، چونکە کاریگەریی قووڵی پێکهاتەی دانیشتووانی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەرێمەکە هەبووە. بەهۆی لێشاوی هاتنی ڕەگەزەکانی دیکە بۆ ناوچەکە، گۆڕانکاریی گەورە لە پێکهاتەی پێکهاتەی دانیشتووانیدا ڕووی داوە؛ ئەم ناوچەیە شایەتی چەندین شەپۆلی کۆچی گەورە بووە کە هەریەکەیان هۆکار و کاریگەریی تایبەتی خۆیان هەبووە و پێویستییان بە تێگەیشتنێکی فرەلایەنە هەیە (الحسيني، ١٩٨٥: ١٠١، ٢٩٦-٢٩).

یەکێک لە گرنگترین پاڵنەرەکانی کۆچ بۆ ناوچە کوردییەکان لەو قۆناغەدا، دۆخی سیاسی و سەربازی بووە. هەمیشە ئەم ناوچەیە ڕێگایەکی "پێداڕەتبوون" بووە بۆ هەر هێزێک کە ویستوویەتی بە کوردستاندا تێپەڕێت، یانیش ویستوویەتی لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی بنیاد بنێت. هەندێک جاریش ناوچە کوردنشینەکان بوونەتە ناوەندی شەڕی سیاسی و پێشبڕکێی هێزە ناوچەییەکان، کە ئەمەش وای کردووە چەندین کۆمەڵگا ناچار بن شوێنی نیشتەجێبوونیان بگۆڕن (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ١٣٤-١٣٥، ٢٢٤-٢٢٧، ٣٠٧-٣٠٨؛ ابن واصل، ٢٠٠٩: ٢٨/١-٢٩؛ قادر محەممەد، ٢٠١٣: ١١٨). هاوکات جوگرافیای ناوچە کوردنشینەکان هۆکارێکی تری ڕاکێشانی کۆچ بووە. شەرەفخان ئەمە بە شێوەیەکی جوان وەسف دەکات دەڵێت: "بەهەشت خۆزگەی بە لوڕستان دەخواست" ئەمەش وای کردووە لە هەموو سووچ، لادێ و شارەکانەوە خەڵک بۆ لوڕستان کۆچ بکەن و خۆیان بگەیەننە ژێر سێبەری ئازادیی ئەو ناوچەیە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٤٥). لەو ماوەیەدا لوڕستان ببووە جێی ئومێدی هەژاران و پەنای لێقەوماوان، و بۆ زۆر ڕەگەزی دیکەش ببووە مایەی هانا. چەندین هۆزی عەرەب، لەوانە: عوقەیلییەکان و هاشمییەکان لە وڵاتی شامەوە باروبنەیان پێچایەوە و ڕوویان کردە لوڕستان؛ بەمەش لە ژێر چەپۆکی بێگانان دەرچوون. جگە لەم هۆزە عەرەبانە، چەندین هۆزی کوردیش ڕوویان لە لوڕستان کرد، وەک: (ئەستەرکی، ماکۆیە، بەختیاری، جوانەکی، بێدانیان، زامەدیان، عەلانی، لووتوەند، بتوەند، پوازەکی، شنوەند، ڕاکی، خاکی، هارونی، ئەشکی، کۆیی، لێراوی، مۆیی، بەحسەفوویی، کەمانکەشی، مووماستی، ئۆمەکی، تەوابی، گراوی، مەدیحە، ئاکورد، کۆلارد) لەگەڵ گەلێک تیرەی دیکەش کە نازانرێت سەر بە کێ و چ ناوچە و ڕەگەزێک بوون (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٤٦).

سەرباری هۆکارە سیاسییەکان، ناوچە دەشتاییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی میزۆپۆتامیا هۆکارێکی دیکە بوون، چونکە دانیشتووانی تێدا بوو و کشتوکاڵیان پێشکەوتووتر بوو. کۆچی خێڵە کۆچەرییەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکان؛ هەر لە هاتنی خێڵە تورکمان و تورکییەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە کە کۆچیان کردە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران، بەشێکی

گەورەی ناوچە کوردییەکانی گرتەوە. چەندین خێڵی کۆچەری هاتوونەتە ناوچەکە و نیشتەجێ بوون، کە بەهۆی شێوازی ژیانیانەوە پێویستییان بە لەوەڕگە و جووڵەی وەرزی بووە (ڕەسول، ٢٠١٩: ١٠٤). بەشێکی تری ئەم کۆچانە بۆ ئەو شەپۆلە تورکانە دەگەڕێتەوە کە کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکە و خۆیان گەڕاندووەتەوە سەر بنەماڵە تورکەکان؛ لەوانە فەرمانڕەوایانی چەمشکەزەک کە هەندێک لە گەورەپیاوانیان پێیان وابووە بە بنەچە دەچنەوە سەر ئەمیر سلیق کوڕی عەلی کوڕی قاسم لە نەوەی پاشایانی سەلجووقی، کە لە ڕۆژگاری ئەلپ ئەرسەلاندا خاوەنی ئەرزەڕۆم بووە. شەرەفخانیش تەنها بە هەبوونی ناوی مەلیک شا (کە ناوی یەکێکە لە سوڵتانەکانی سەلجووقی لە نێوان ٤٦٣-٤٨٥ک / ١٠٧١-١٠٩٤ز)، ڕاستەوخۆ ئەم ڕایەی قبووڵ کردووە (ياقوت الحموي، د.ت: ١٨٢/٢؛ العمري، ب.س: ١٩٨/٣؛ الزيباری، ٢٠٠٩: ٦٧؛ شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٢٣-٢٢٤).

لە لایەکی دیکەوە، ئایین و پاڵنەرە ئایینییەکان کاریگەریی نابینراو بەڵام گرنگیان لەسەر کۆچ هەبووە لە وڵاتی کورداندا. ئەمە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی تر لە کۆچ لە لاپەڕەکانی شەرەفنامەدا کە دەتوانین ناوی بنێین "کۆچی وەهمی"؛ واتە کۆچێک لە پێناو بەرزکردنەوەی پێگەی بنەماڵەییدا. بەشێکی زۆر، بگرە زۆرینەی بنەماڵە بەناوبانگەکان کە شەرەفخان تۆماری کردوون، دەچنە چوارچێوەی ئەم کۆچەوە؛ چونکە خۆیان بە یەکێک لە بنەماڵە ناودارەکانی مێژوو یان کەسایەتییە سەربازی و ئایینییەکانی ئیسلام "هەڵدەواسن". بۆ نموونە: فەرمانڕەوایانی "گورگیل" خۆیان دەگەڕێننەوە سەر بنەماڵەی خالیدی کوڕی وەلید، کە ئەمە مشتومڕی زۆری لەسەرە، چونکە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان خالید منداڵی نەبووە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٠٤). بە هەمان شێوە فەرمانڕەوایانی "فنیک" خۆیان دەگێڕنەوە سەر بنەماڵەی میر ئەبدالی کوڕی سلێمان کوڕی خالید بن وەلید (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٠٥). هەروەها بنەماڵەی خونکارانی هەکاری کە شەرەفخان دەڵێت "بنچ و مۆری خونکارانی هەکاری دەگەڕێننەوە سەر ڕیشە و شادەماری خانەدانی خەلیفەکانی عەباسی"، بەڵام بێ وردەکاریی مێژوویی (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ١٤٣). ئەم دیاردەیە لە فەرمانڕەوایانی "ساسۆن"یشدا دەبینرێت کە خۆیان دەبەنەوە سەر ساسانییەکان و گوایە لە پایتەختی ئەرمەنەوە کۆچیان کردووە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٥٣)؛ هەروەها فەرمانڕەوایانی "مەرداسی" کە بنەچەیان دەگەڕێتەوە سەر کوڕانی ئیمام عەباسی مامی پێغەمبەر (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٣٧).

دیاردەی خۆبەستنەوە بە ڕەچەڵەکی بیانی لە زۆرینەی میرنشینەکاندا بەدی دەکرێت؛ فەرمانڕەوایانی "سویدی" بنەچەیان گەڕاندووەتەوە سەر بەرەی "بەرمەکیان" یان گوندی "سوێدە" لە نزیک مەدینە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٣١٣)؛ فەرمانڕەوایانی "سۆران" دەڵێن بنەچەیان دەگەڕێتەوە سەر "کەلۆس" ناوێک کە عەرەبی بەغدا بووە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٣٣٦-٣٣٧)؛ هەروەها فەرمانڕەوایانی "زەرقی" کە خۆیان بە عەرەبی شام دەزانن و گوایە شێخ حەسەن (شێخی شین) لە شامەوە هاتووە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٩٩)؛ دوونبوولییەکانیش بە هەمان شێوە دەڵێن خەڵکی شام بوون (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٣٩٥-٣٩٦).

لە ڕاستیدا، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە بنەماڵەی ناوداری ڕەگەزەکانی تر هاتوونەتە کوردستان؛ بەڵام ناکرێت هەموو بنەماڵە ناودار و بەدەسەڵاتەکان سەرچاوەیان لە دەرەوە گرتبێت، لە کاتێکدا کورد خۆی خاوەن هۆز و پەیوەندیی پتەوی کۆمەڵایەتییە. ئەم دیاردەی "کۆچی وەهمی"یە (ئەگەر گریمان ڕاستیش بێت یان نا)، لە ئەنجامی نەبوونی ناوەندی سیاسیی

بەهێزەوە سەرچاوەی گرتووە، کە وای کردووە هەر هێزێک بێتە ناوچەکە هەوڵ بدات خۆی وەک ڕاستییەکی سەپێنراو بناسێنێت.

دەرئەنجام و کاریگەرییە درێژخایەنەکانی ئەم کۆچانە، پێکهاتەی مرۆیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریی ناوچەکەیان گۆڕی. ئەم کۆچانە بوونە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی فرەچەشن کە تێیدا توخمی کورد لەگەڵ توخمی تورک، فارس، عەرەب، ئەرمەنی، ئاسووری و گەلانی تر یەکترییان تەواو کردەوە. ئەم فرەچەشنییە نەک تەنها لە پێکهاتەی دانیشتووانیدا، بەڵکو لە بازرگانی، پیشەسازی، هونەر و ئەدەبیاتیشدا ڕەنگی دایەوە. تێگەیشتن لەم پاڵنەرانە یارمەتیمان دەدات کە پێکهاتەی ئێستای ناوچە کوردنشینەکان باشتر لێک بدەینەوە و ببینین چۆن پرۆسە مێژووییەکان ڕۆڵیان لە شێوەدانی ئەم هەرێمەدا هەبووە. دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لەو کاتەدا دیوارە سنوورییەکان وەک ئێستا باڵادەست نەبوون و سنوورەکان بەڵگەنامەیان نەدەویست؛ ئەمەش کۆچێکی جیاوازی لە هی ئەمڕۆ بەرهەم هێناوە (Vertovec, 2009: 14; Sassen, 1999: 298; Castles et al., 2014: 112؛ ابن العمراني، ب.س: ١٨٨-١٨٩؛ ابن القلانسي، ١٩٠٨، ١٩٦)

**باسی سێیەم: کاریگەرییەکانی کۆچ**

لە ڕووی ئابوورییەوە، ناوچە کوردنشینەکان خاوەنی بارودۆخێکی لەبار بوون، کە ئەمەش وای کردووە هێز و گەلانی تر چاوی تێ ببڕن و هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی بدەن. ئەم چاوچنۆکییە دەرەکییە کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر دۆخی ئابووریی ناوچەکە هەبووە؛ چونکە هەر هێزێک هاتبێتە ناوچەکە، بێگومان خەڵکەکەی زەوییەکانی خۆیان لەدەست داوە، یاخود بەشێکی زۆری زەوییەکانیان دەستی بەسەردا گیراوە. بەهۆی شوێنی جوگرافیی گرنگییەوە کە لەسەر ڕێگای هێزەکان لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بووە و ڕێگایەکی بازرگانیی ستراتیژی بووە، کوردەکان زانیاریی تەواویان دەربارەی بازاڕە گرنگەکانی ناوچەکە هەبووە؛ ئەمەش وای کردووە ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن سامانەکان کۆچی ناوچە جیاوازەکان بکەن. لە لایەکی ترەوە، شێوازی ژیانی "کۆچەری" و "شوانکاری" کە تێیدا هۆزە کوردییەکان لە نێوان بەرزایی و دەشتەکاندا بەپێی وەرزەکان دەجووڵانەوە، وای کردبوو کۆمەڵگەی کوردی لە دوو ئابووریی دژبەیەکی خۆبژێوی چەقبەستوودا بێت. لەپاڵ ئەوەشدا، کۆچ بەهۆی شەڕ و ململانێکانەوە وای دەکرد خەڵکی کشتوکاڵ و دەستکردەکانیان بەجێ بهێڵن؛ ئەمەش گۆڕزێکی گەورە بوو لە ئابووریی ناوچەکە، چونکە ئاشکرایە زۆربەی ململانێی سەفەوی و عوسمانی لەسەر خاکی کورداندا بوو، کە دەرەنجامەکەی هەژاری و وێرانکاری بوو لە زۆرێک لە ناوچەکاندا (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢٦، ١٣٤-١٣٥، ٢٢٣-٢٢٤، ٢٢٦-٢٢٧؛ بایەزیدی، ٢٠١٥: ٣٠، ٣٢، ٦٤؛ برۆنسن، ١٩٩٩: ٤٧/١-٥١-٩١-٩٣؛ الیونینی، ١٩٩٢: ١٢١/٤؛ ابن المستوفي ١٩٨٠: ٢٧٢/١؛ حوسێن، ٢٠١٣: ٢٦٧).

لە ڕووی ئایینی و مەزهەبیشەوە، ململانێی نێوان دەوڵەتی عوسمانیی (سوننەمەزهەب) و دەوڵەتی سەفەویی (شیعەمەزهەب)، کاریگەریی قووڵی لەسەر دۆخی ناوچە کوردنشینەکان هەبووە. بەردەوام بەهۆی جیاوازیی بیروباوەڕەوە لە پێکدادان و ململانێدا بوون و مەیدانی یەکلاکردنەوەی ململانێکەشیان خاکی کوردستان بووە. ئەمە ڕەنگدانەوەی گەورەی هەبووە هەم لەسەر کۆچ، هەمیش لەسەر گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتووانی ناوچەکە؛ چونکە زۆر جار هەر یەک لەم هێزانە خاکی کوردستانیان وەک دیاری بەخشیوەتە هۆزێکی لایەنگری خۆیان کە لە ناوچەیەکی دوورەوە هێناویانە. ئەم دیاردەیە تەنها تایبەت نەبووە بەو قۆناغە، بەڵکوو لە

قۆناغەکانی پێشووتریشدا بە بیانوی "جیهاد" و "جەنگ"، هێزەکان لایەنگرانی خۆیان بە لێشاو هێناوەتە ناوچە کوردنشینەکان، کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی داناوە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ١٣٤-١٣٥، ٢٢٣-٢٢٤، ٢٢٦-٢٢٧؛ الحسينى، ١٩٨٥: ١٠١، ٢٩٦-٢٩٧؛ الزێباری، ٢٠٠٩: ٦٨).

کۆچەکان کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر دامەزراوە سیاسییەکان و پەیوەندییە دەسەڵاتدارییەکانی ناوچە کوردنشینەکان جێ هێشتووە. هاتنی موسڵمانە عەرەبەکان، هاتنی تورکە سەلجووقییەکان، و دواتر دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و ململانێی نێوانیان، هەمووی بووە هۆی دروستبوونی کاریگەریی سیاسیی بەهێز. ئەم جووڵە و هاتوچۆیەی سوپاکان وای کرد کوردەکان ناچار بن بچنە نێو هاوکێشە سیاسییەکانەوە. کۆچی سوپای عوسمانی و سەفەوی لە دەوروبەری سەدەی شازدەیەمدا، بووە هۆی دابەشبوونی ناوچە کوردنشینەکان لە نێوان دوو دەسەڵاتی گەورەدا (الحسينى، ١٩٨٥: ١٠١، ٢٩٦-٢٩٧؛ الزێباری، ٢٠٠٩: ٦٨؛ ابن واصل، ٢٠٠٩: ٢٨/١-٢٩؛ العمرانى، ب.س: ١٨٨-١٨٩) ەم دابەشبوونە و کاریگەرییە سیاسییە درێژخایەنە، بە ڕوونی لە هۆنراوەکانی (ئەحمەدی خانی)دا ڕەنگی داوەتەوە کە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| بفکرن ژ عرب حتاڤ کرجان... | کرمانج بویه شبه برجان |
| اڤ روم عمجم بوان حصارن... | کرمانج همی لچارکنارن |
| هردو طرفان قبیل کـرمانج... | بوتیر و قضا کرینەآمانج **(خانی، ١٩١٩: ١٤)** |

لە ڕووی کۆمەڵایەتی و جوگرافیشەوە، کۆچەکان کاریگەرییان لەسەر شێوازی ژیان و پێکهاتەی خێڵایەتی هەبووە؛ چونکە کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بوو و خاوەنی جوگرافیایەکی سەخت بوو، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر عەقڵییەت و بیرکردنەوەیان هەبووە. لەگەڵ ئەوەی خێڵایەتی و هۆزایەتی وەک بنەمایەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی مایەوە، بەڵام کۆچی بەردەوامی چینی خوێندەوار، زانایان و هونەرمەندان بەرەو شارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (وەک بەغدا، شام، قاهیرە و ئەستەنبوڵ)، بووە هۆی گواستنەوەی سەرمایەی زانستی، هونەری و ئەدەبی لە کوردستانەوە بۆ دەرەوە. دەیان کەسی فێرخواز و زانا بەهۆی نالەباریی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەکەیان جێ هێشتووە؛ ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زانست و زانارییەکانیان نەگەڕێتەوە خزمەتی نیشتمان و کاریگەرییان لەسەر وشیاریی کۆمەڵگەی کوردی سنووردار بێت. دەرەنجامی ئەمە لاوازبوونی دامەزراوە زانستی و فەرهەنگییەکان بوو لە ناوخۆی کوردستاندا. ئەم دۆخە هاوکات بوو لەگەڵ بوونی شێوازی ژیانی کۆچەری و نیمچەکۆچەری، کە بە هەمان شێوە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر سەقامگیری و گەشەی وشیاریی نەتەوەیی هەبووە (شەرەفخان، ٢٠٠٦: ٢١-٢٤، ٢٦، ٢٨؛ ابن الجوزی، ١٣٥٩: ١٧٥/٩؛ الذهبی، ١٩٨٨: ٢٢٢؛ السبکی، ب.س: ٣٣٣-٣٣٤؛ ابن خلكان، ١٩٩٤: ٢٣٧/٢-٢٣٩، ٣١١/٥، ٣١٧). شاعیری گەورە (حاجی قادری کۆیی ١٨١٥-١٨٩٢ز) بە وردی درکی بەم مەترسییە کردووە و لە دێڕە شیعرێکدا ئاماژەی پێ داوە:

وا دیارە ڕەسم و قانوونێکی دەوران دادەنێ
کوردی ئێمە گەردەشی گەرمێن و کوێستان دادەنێ (کۆیی، ب.س: ١٧٩) .

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێکی سەرەکی:


١ .نەبوونی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆ و یەکگرتووی کوردی لەو کاتەدا، بۆشاییەکی گەورەی لە وشیاریی نەتەوەیی و مێژوویی مرۆڤی کورددا دروست کردووە. ئەم دۆخە دەروونی و سیاسییە وای کردووە کە ڕەسەنایەتی و شوناسی مێژوویی تووشی جۆرێک لە کۆچ ببن؛ بە جۆرێک کە بەشێکی زۆر لە بنەماڵە دەسەڵاتدار و میرە کوردەکان، بۆ ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتیان، هەوڵیان داوە ڕەچەڵەکی خۆیان ببەنەوە سەر بنەماڵە ناودارە عەرەبی یان فارسییەکان. ئەم دیاردەیە ئاماژەیە بۆ قەیرانێکی قوڵی شوناس، چونکە ڕەتکردنەوەی ڕەچەڵەکی خۆیی لەلایەن زۆرینەی هۆزەکانەوە حاڵەتێکی سروشتی نییە.

٢ .لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و تۆمارکردنی ڕەچەڵەکی میرەکاندا، شەرەفخانی بەدلیسی زیاتر وەک تۆمارکەرێکی (وەسفی) دەرکەوتووە نەک (ڕەخنەیی). شەرەفخان ئەو ئیدیعایانەی پەیوەست بە کۆچی بنەماڵە بیانییەکان بۆ ناوچە کوردنشینەکان و بوون بە میر، وەک ڕاستییەکی سروشتی و بێ مشتومڕ وەرگرتووە و پاساوی بۆ هێناونەتەوە، بەبێ ئەوەی بنکۆڵکاریی مێژوویی بۆ ڕاستی و دروستیی ئەو دەنگۆیانە بکات.

٣ .دیاردەی کۆچ لە مێژووی کورددا دەرەنجامی کۆمەڵێک پاڵنەری تێکەڵاو بووە، بەڵام پاڵنەری سیاسی لە سەرووی هەموویانەوە بووە. دابەشبوونی جوگرافیای کوردستان لە نێوان دوو زلهێزی ململانێکار (عوسمانی و سەفەوی) و جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و مەزهەبیی نێوانیان، هۆکاری سەرەکیی جێگۆڕکێی دانیشتووان و ناچارکردنی کورد بووە بە هەڵبژاردنی کۆچ وەک ستراتیژی مانەوە، هەروەها زۆر جار مرۆڤی کورد لەپێناو زانست و زانیاری کۆچی کردووە بۆ دەرەوی کوردستان.

٤. تایبەتمەندیی جوگرافی و ژینگەی لەباری ناوچە کوردنشینەکان بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، وەک هۆکارێکی ڕاکێشەر کاری کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی تر ڕووی تێ بکەن. ئەم تایبەتمەندییە لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە قۆستراوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتووان، لە ڕێگەی هاندانی هۆزە لایەنگرەکانی خۆیان بۆ کۆچکردن و نیشتەجێبوون لەسەر خاک و زەوییە بەپیتەکانی کوردستان.

٥ . بەپێی تۆمارەکانی شەرەفنامە، کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و نیمچەکۆچەریی دوور لە ناوەندە شارستانییە گەورەکان بووە و ئاستی خوێندەواری تێیدا نزم بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێکهاتەی پتەوی "خێڵایەتی" و پابەندبوون بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی "میکانیزمی بەرگری"یان بینیوە. ئەم داخراوییە خێڵەکییە وای کردووە کە کورد سەرەڕای نەبوونی دامەزراوەی مەعریفیی بەهێز، لە ناو بۆتەی کولتوور و هێزە باڵادەستەکانی ئەو سەردەمەدا نەتوێتەوە و پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات.




نەخشەی ژمارە (١): ئاماژە بە میرنشینە کوردییەکان و ڕێڕەوەکانی کۆچ لە سەدەی شازدەهەمدا (سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەپێی زانیارییەکانی شەرەفنامە).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**


- **ئیبن خەلدون،** ٢٠١٦موقەدیمە، و: سعید بەشیر، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی
- **ئەحمەدی خانی**(م:١١١٨ك/١٧٠٧ز)، مەم و زین، مطبعة نجم استقبال(اسنبول:١٩١٩).
- **بایەزیدی، مەلا مەحمود،** ٢٠١٥. *داب و نەریتی کورد*، وەرگێڕانی: شوکریە ڕەسول، تاران: چاپخانەی پەنجەرە.
- **برونسن، مارتین ڤان،** ١٩٩٩. *ئاغا و شێخ و دەوڵەت*، وەرگێڕانی: کوردۆ، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.
- **بەدلیسی، شەرەف خان،** ٢٠٠٦. *شەرەفنامە*، وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، هەولێر: دەزگای چاپی ئاراس.
- **پیندۆری ، محە مەد سالح،**٢٠١٢. *قە یرانی کە م خوێندن لە کوردستان. چ١ ، سلێمانی: چاپخانەی پیرە مێرد.*
- **جەبار، ئاسۆ،** ٢٠٠١. *کۆچ و سەفەر*، چاپی دووەم، سلێمانی.
- **حوسێن، موحسین محەمەد،** ٢٠١٣. *هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیاندا*، هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.
- **خاڵ، شێخ محەمەد،** ٢٠٠٥. *فەرهەنگی خاڵ*، ج٢، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- **دیورانت، ویل ئاریل ،** ٢٠٠٧ مێژووی شارستانیەت، و: ئازاد بەرزنجی، سەردەم .سلێمانی.
- **شەرفکەندی، عەبدولڕەحمان (هەژار)،** ١٣٨٤ ش. *هەنبانە بۆرینە*، چ٤، تاران: چاپخانەی سروش.
- **کۆیی، حاجی قادر،** ١٣٩٠ ش. *دیوانی حاجی قادری کۆیی*، سنندج: انتشارات کردستان.
- **هەنتینگتۆن، پ.ساموێل،** ب، س، چ، پێکدادانی شارستانیەکان، و: مامەند ڕۆژە، ، ب.ش.چ.


**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

- **ابن الجوزي، جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن،** ١٣٥٩هـ .*المنتظم في تاريخ الملوك والأمم*، حيدر آباد.
- **ابن العمراني، محمد بن علي،** ١٩٩٩ .*الأنباء في تاريخ الخلفاء*، تحقيق: قاسم السامرائي، القاهرة.
- **ابن العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى،** ٢٠١٠ .*مسالك الأبصار في ممالك الأمصار*، تحقيق: كامل سلمان، بيروت.
- **ابن القلانسي، أبو يعلى حمزة بن أسد،** ١٩٠٨ .*ذيل تاريخ دمشق*، بيروت: مطبعة الآباء.
- **ابن المستوفي، مبارك بن أحمد،** ١٩٨٠ .*تاريخ إربل*، تحقيق: سامي بن سيد خماس الصقار، العراق.
- **ابن خلكان، شمس الدين أحمد بن محمد،** ١٩٩٤ .*وفيات الأعيان وأنباء الزمان*، تحقيق: إحسان عباس، بيروت.
- **ابن فارس، أحمد بن فارس،** ٢٠٠٢ .*معجم مقاييس اللغة*، تحقيق: عبد السلام هارون، بيروت.
- **ابن واصل، محمد بن سالم،** ٢٠٠٩ .*مفرج الكروب في أخبار بني أيوب*، تحقيق: جمال الدين، د.م.
- **بن النوي، عائشة،** ب.س. "اتجاهات وواقع الهجرة في المنطقة العربية"، *مجلة جيل العلوم الإنسانية*.
- **جمال الدين، جبار علي و حاتم، رأفت مسلم،** ٢٠٢١ ."الهجرة الدولية وآثارها على العراق"، *المجلة العلمية*.
- **الحسيني، صدر الدين أبو الحسن علي،** ١٩٨٥ .*زبدة التواريخ*، تحقيق: محمد نور الدين، بيروت.
- **الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد،** ١٩٨٨ .*معرفة القراء الكبار على الطبقات والأعصار*، تحقيق: بشار عواد، بيروت.
- **الزيباري، محمد صالح،** ٢٠٠٩ .*سلاجقة الروم في آسيا الصغرى*، ط٢، د.م.
- **السبكي، تاج الدين عبد الوهاب،** ١٩٤٨ .*طبقات الشافعية الكبرى*، تحقيق: محمود الطناحي، د.م.
- **شعبان، حمدي،** ب.س .*الهجرة غير المشروعة*، القاهرة: أكاديمية الشرطة.
- **الفيروزآبادي، مجد الدين محمد بن يعقوب،** ٢٠٠٥ .*القاموس المحيط*، بيروت: مؤسسة الرسالة.
- **مشاور، سعد الدين و شنافي، فوزية،** ب.س، *تطور مفهوم الهجرة*، جامعة وهران.
- **اليونيني، أبو الفتح موسى بن محمد،** ١٩٩٢ .*الذيل على مرآة الزمان*، ط٤، القاهرة: دار الكتب.
- ياقوت الحموي: شهاب الدين أبي عبدالله(ت:٦٢٦هـ/١٢٢٩م) .معجم البلدان، دارصادر (بيروت:د. ت).

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

- **Blazhevska, Katerina Velganovska**, 2017. *Factors that Influence the Process of Migration of Youth*, Poland: War Studies University.

- **Castles, Stephen, de Haas, Hein and Miller, Mark J.**, 2014. *The Age of Migration*, 5th ed. London: Palgrave Macmillan.
- **Goldin, Ian, Cameron, Geoffrey and Balarajan, Meera**, 2011. *Exceptional People*, Princeton: Princeton University Press.
- **Hangartner, Dominil and Spiring, J.**, 2023. *Immigration and Inequality*, Institute for Fiscal Studies (IFS).
- **Hatton, Timothy J. and Williamson, Jeffrey G.**, 2005. *Global Migration and the World Economy*, Cambridge: MIT Press.
- **Held, David, McGrew, Anthony, Goldblatt, David and Perraton, Jonathan**, 1999. *Global Transformations*, Stanford: Stanford University Press.
- **Hoerder, Dirk**, 2002. *Cultures in Contact*, Durham: Duke University Press.
- **International Organization for Migration (IOM)**, 2024. *Glossary on Migration and World Migration Report 2024*, Geneva.
- **Manning, Patrick**, 2013. *Migration in World History*, 2nd ed. London: Routledge.
- **Sassen, Saskia**, 1999. *Guests and Aliens*, New York: New Press.
- **Tataru, Georgiana Florentina**, 2019. "Migration – an Overview on Terminology", *Logos Universality Mentality Education Novelty*, 7(2), pp. 10-29.
- **Vertovec, Steven**, 2009. *Transnationalism*, London: Routledge.

List of sirchacan:
This is Kurdish style.
• Ibn Khaldun, 2016, old edition, and: Saeed Bashir, Chapman Ganj, Soleimani
• Hamdi Khani (AD: 1118 AH/1707 AH), M and Zain, Najm Istikbal Press (Istanbul: 1919).
• Bayazidi, Mulla Mahmoud, 2015. Dab and Niriti Kurd, Georgian: Shukri Esol, Taran: Punjabi.
• Bronson, Martin Van, 1999. Agha, Sheikh, and Dewhat, and Ghani: Kurdish, Soleimani: Chapkhani, Sardim.
• Bidlisi, Shaif Khan, 2006. ڕرگانی ,ڕەەەنه: Mamiesta :ڕولیر ,هەڕراڕر ضرڕرای کاپی آریس.
• Bandarwi, Director of the Ministry of Foreign Affairs, Muhammad Sah, 2012. Farhanghi Esen, Bargi Yehkem, Holler.

• Tafeek, Zarar Siddiq, 2012. Kurds and Kurdistan have a different story, this is how they changed their lives.
• Jabbar, President, 2001. How and how much, Shabi Dovom, Soleimani.
• Hossein, Mohsin Muhammad, 2013. Holler has a summary of the book, Holler: Nosing and Interpretation.
• Khal, Sheikh Muhammad, 2005. Farhangi Khal, vol. 2, Höller: Chakhani and his Ministry of Foreign Affairs.
• Sharfkandi, Abdullah Hamman (Hijar), 1384 AH. This is the story of Soroush.
• Kiyi, Haji Qadir, 1390 AH. Diwani Haji Qaderi Kichi, Sanandaj: Kurdistan Publications.
• Huntington, P. Samuel, B. S., Pekdadani Sharestanehkan, and: Mamhand Rechjeh, B. Sh.

Doom: Arabic sermon

• Ibn al-Jawzi, Jamal al-Din Abu al-Faraj Abd al-Rahman, 1359 AH. Regular in the History of Kings and Nations, Hyderabad.
• Ibn Al-Omrani, Muhammad bin Ali, 1999. Al-Anbaa fi Tarikh Al-Khalifa, edited by: Qasim Al-Samarrai, Cairo.
• Ibn Al-Omari, Shihab Al-Din Ahmed Bin Yahya, 2010. Paths of vision in the kingdoms of the lands, investigated by: Kamel Salman, Beirut.
• Ibn al-Qalanisi, Abu Ya'la Hamza ibn Asad, 1908. Dhayl Tarikh Dimashq (Supplement to the History of Damascus), Beirut: Al-Abaa Press.
• Ibn al-Mustawfi, Mubarak ibn Ahmad, 1980. Tarikh Irbil (History of Irbil), edited by Sami ibn Sayyid Khumas al-Saqqar, Iraq.
• Ibn Khallikan, Shams al-Din Ahmad ibn Muhammad, 1994. Wafayat al-A'yan wa Anba' al-Zaman (Obituaries of Eminent Men and News of the Times), edited by Ihsan Abbas, Beirut.
• Ibn Faris, Ahmad ibn Faris, 2002. Mu'jam Maqayis al-Lughah (Dictionary of Language Standards), edited by Abd al-Salam Harun, Beirut.
• Ibn Wasil, Muhammad ibn Salim, 2009. Mufarrij al-Kurub fi Akhbar Bani Ayyub (Relief from Distress in the History of the Ayyubids), edited by Jamal al-Din, n.p.
• Ibn al-Nawi, Aisha, n.p. "Trends and Reality of Migration in the Arab Region," Journal of the Generation of Human Sciences.
• Jamal al-Din, Jabbar Ali and Hatim, Raafat Muslim, 2021. "International Migration and its Effects on Iraq," Scientific Journal.
• Al-Husseini, Sadr al-Din Abu al-Hasan Ali, 1985. Zubdat al-Tawarikh, edited by Muhammad Nur al-Din, Beirut.

• Al-Dhahabi, Shams al-Din Muhammad ibn Ahmad, 1988. Ma'rifat al-Qurra' al-Kibar 'ala al-Tabaqat wa al-A'sar, edited by Bashar 'Awad, Beirut.
• Al-Zibari, Muhammad Salih, 2009. Salajuqat al-Rum fi Asia Minor, 2nd ed., n.p.
• Al-Subki, Taj al-Din 'Abd al-Wahhab, 1948. Tabaqat al-Shafi'iyya al-Kubra, edited by Mahmud al-Tanahi, n.p.
• Sha'ban, Hamdi, n.p. Al-Hijra al-Ghayrihi, Cairo: Police Academy.
• Al-Fayruzabadi, Majd al-Din Muhammad ibn Ya'qub, 2005. Al-Qamus al-Muhit, Beirut: Al-Risalah Foundation.
• Mushawir, Sa'd al-Din and Shannafi, Fawziya, n.p. The Evolution of the Concept of Migration, University of Oran.
•Al-Yunini, Abu al-Fath Musa ibn Muhammad, 1992. Al-Dhayl 'ala Mir'at al-Zaman, 4th ed., Cairo: Dar al-Kutub.

- **Blazhevska, Katerina Velganovska**, 2017. *Factors that Influence the Process of Migration of Youth*, Poland: War Studies University.
- **Castles, Stephen, de Haas, Hein and Miller, Mark J.**, 2014. *The Age of Migration*, 5th ed. London: Palgrave Macmillan.
- **Goldin, Ian, Cameron, Geoffrey and Balarajan, Meera**, 2011. *Exceptional People*, Princeton: Princeton University Press.
- **Hangartner, Dominil and Spiring, J.**, 2023. *Immigration and Inequality*, Institute for Fiscal Studies (IFS).
- **Hatton, Timothy J. and Williamson, Jeffrey G.**, 2005. *Global Migration and the World Economy*, Cambridge: MIT Press.
- **Held, David, McGrew, Anthony, Goldblatt, David and Perraton, Jonathan**, 1999. *Global Transformations*, Stanford: Stanford University Press.
- **Hoerder, Dirk**, 2002. *Cultures in Contact*, Durham: Duke University Press.
- **International Organization for Migration (IOM)**, 2024. *Glossary on Migration and World Migration Report 2024*, Geneva.
- **Manning, Patrick**, 2013. *Migration in World History*, 2nd ed. London: Routledge.
- **Sassen, Saskia**, 1999. *Guests and Aliens*, New York: New Press.
- **Tataru, Georgiana Florentina**, 2019. "Migration – an Overview on Terminology", *Logos Universality Mentality Education Novelty*, 7(2), pp. 10-29.
- **Vertovec, Steven**, 2009. *Transnationalism*, London: Routledge.